www.kurdistannet.org
18-2-2007 18:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەدەست هێنانی ژیانێکی ئینسانی بۆ خەڵکی هەڵەبجە پێویستی بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک هەیە ... هیدایەت مەلا عەلی



خەڵکی هەڵەبجە کورتیان نەهێناوە لە وەعد و بەڵێنی جێبەجێ نەکراو، بەڵام پێوویستیان بە ئاو کارەبا هەیە، خەڵکی هەڵەبجە کەمیان نەهێنا لە بەخشینی قوربانی و چەشتنی ئازاری زۆر، بەڵام هەتا ئێستاش بریندارەکانی کیمیاباران بەدەم ژانەوە ئەتلێنەوە، کیمیابارانی هەڵەبجە بووبە هۆکاری بەدەست هێنانی دەیان دەسکەوتی سیاسی و ئابوری بۆ دەسەڵاتداران، بەڵام کۆڵان و شەقامەکانی هەڵەبجە هەمووی قوڕاو چڵپاوە، دەسەڵاتداران زۆر ناوی هەڵەبجەو خەڵکەکەی دێنن، بەڵام دەسەڵات گوێ لە داخوازییەکانی خەڵکی هەڵەبجە ناگرێت، خەڵکی هەڵەبجە بۆ پیاهەڵدان و هۆنینەوەی قسەی ڕەونقدار یەکەمن، بەڵام خوێندکارانی ئەم شارە لەبەر چرا سەعی دەکەن و گەنجەکانیشی تەنها ناوبازاڕ شکدەبەن بۆ بەسەر بردنی کاتەکانیان، خەڵکی هەڵەبجە زۆر کۆنفراس و کۆبونەوەیان بۆ دەکرێت، بەڵام هەتا ئێستاش تەواو ڕوون نییە ئاو هەوای ئەو شارە بۆ ژیان دەست دەدات یان نا، خەڵکی هەڵەبجە دوای گەڕانەوەیان بۆ شارەکەیان لە ئازاری 1991 وە بەم شێوەیە دەژین، خەڵکی هەڵەبجە هەموو ساڵێک لەیادی ساڵڕۆژی کیمیابارانی شارەکەیان بەشێوەی جۆراو جۆر نارەزایەتی دەردەبڕن و خوازیاری ژیانێکی ئینسانی و ئارام و شایستە بەخۆیانن، با لەیادی 19هەمین ساڵڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەدا پشتیوانی لە داواکاری و خواستەکانی خەڵکی هەڵەبجە بکەین و بەدەسەڵاتدارانی کوردوستان بڵێین وەڵام نەدانەوە بە داواکارییەکانی خەڵکی هەڵەبجە هیچ تەبریرێک هەڵناگرێت و داوادەکەین بەزووترین کات وەڵام بە داخوازیی و مافەسەرەتاییەکانیان بدەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.